**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

بەپشت بەستن بە حوکمەکانی ماددەی (١٢١/یەکەم) لەدەستووری هەمیشەیی عیراق ومـاددەی (١/٥٦) لە یاسای پەرلـەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ولـەسەر بنچینەی ئەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ـ عێراقەوە پێشکەش کرابوو، پەرلـەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشـتنی ئاسایی ژمارە (٣٧)ی خۆیدا رۆژی ٢٠١٢/٦/٢٤، بڕیاری تەشریعکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠١٢**

**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٢**

**بەشی یەکەم**

**داهاتەکان**

**ماددەی یەکەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی ٢٠١٢ی هەرێمی کوردستان–عێراق بە بڕی (١٣,٢٠٠,٩٥٠) سێزدە تریلیۆن و دووسەد ملیار و نۆسەدو پەنجا ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و بە گوێرەی ئەمـەی لـە خـوارەوەدا روون کراوەتەوە:

**یەکەم:** بەشی هەرێم بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادی کۆماری عێراق بۆ ساڵی دارایـی ٢٠١٢ کە پترۆ دۆلاریشی لەگەڵدایە (١٢,٦٠٤,٩٥٠) دوانـزە تریلیـۆن و شەشسـەد و چـوار ملیـار و نۆسەد و پەنجا ملیۆن دینار.

**دووەم:** داهـاتی گشـتی خـەملێنراو کـە بەشـەکە لـە داهـاتی سـاڵی ٢٠١٢ی دەروازە سنووریەکانیشـی لەگەڵدایە (٤٧٦) چوارسەد و حەفتا و شەش ملیار دینارە.

**سێیەم:** ئەوەی لە دەرهێنان و بەکارهێنانی نـاوخۆ (نـەوت و گـاز) و (پـترۆدۆلار)ەوە دێ (١٢٠) سـەد و بیست ملیار دینارە.

**بەشی دووەم**

## ( خەرجییەکان و کورتهێنان )

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی ٢٠١٢ گوژمەیەك کە بڕەکەی (١٥,٢٤٥,٧٩٧) پازدە هەزار و دووسەد و چل و پێنج ملیار و حەوت سەد و نەوەد و حەوت ملیۆن دینار دادەنرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:ـ

١ـ گوژمەیەك بە بڕی (١٠,٧٤٥,٧٩٧) دە هەزار و حەوت سەد و چل و پێنج ملیار و حەوت سەد و نەوەد و حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

أ- گوژمەیەك بە بڕی (١٠,٦٢٤,٥١٨) دە هەزار و شەشسەد و بیست و چوار ملیار و پێنج سەد و هەژدە ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب- گوژمەیەك بە بڕی (٦٨,٢٨٠) شەست و هەشت ملیار و دووسەد و هەشتا ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

جـ- گوژمەیەك بە بڕی (٥٢,٩٩٩) پەنجا و دوو ملیار و نۆسەد و نەوەد و نۆ ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی ئەنجوومەنی دادوەریی.

٢ـ گوژمەیەك بە بڕی (٤,٥٠٠,٠٠٠) چوار تریلۆن و پێنج سەد ملیار دینار بۆ خەرجییەکانی وەبەرهێنان و بەم جۆرە دابەش دەکرێت:

أ- گوژمەیەك بە بڕی (٣,٦٧٨,٤٣٧) سێ تریلیۆن و شەشسەد و حەفتاو هەشت ملیار و چوار سەد و سی حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

ب- گوژمەیەك بە بڕی (٨٢١,٥٦٣) هەشت سەد و بیست و یەك ملیار و پێنج سەد و شەست و سێ ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکان و ، دەبێ پارێزگار بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکەی و قەزا و ناحیەکانی کە لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە پەسەند کراوە پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان بکات بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە بکرێ و پەسەند بکرێ و ، دەبێ ڕەچاوی ئەو ناوچانە بکرێن کە زیاتر زەرەرمەند بوون لەناو پارێزگاکەدا و ، هەروەها ژمارەی دانیشتوانیش ، لەناو ئەمەشدا بڕی (٤٢,٤٠٠) چل و دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دیناری پترۆدۆلار هەیە.

**دووەم:** کورتهێنانی نەخشە بۆ کێشراو کە بەبڕی (٢,٠٤٤,٨٤٧) دوو هەزار و چل و چوار ملیار و هەشت سەد و چل و حەوت ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و ئەم کورتهێنانە بەو گوژمەیە دادەپۆشرێ کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دیاریکراوە لە بودجەی بەکاربردنی ئیتیحادی بۆ پاسەوانانی هەرێم لەناو تەرخانکراوی وەزارەتی بەرگری عێراقی ئیتیحادیدا بە گوێرەی بودجەی ئیتیحادی بۆ ساڵەکانی دارایی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٢).

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** ڕێژەی ٢٠٪ لە بودجەی بەکاربردن لــە هــەر ســێ ســەرۆکایەتییەکە کــەم دەکرێتــەوە، جگــە لــە قەرەبووی فەرمانبەران:

**١ـ** سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

**٢ـ** پەرلـەمانی کوردستان.

**٣ـ** ئەنجومەنی دادوەریی.

**دووەم:** ئەو بڕانەی کە بەگوێرەی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دێنەبڕین بۆ هەر دوو وەزارەتی تەندروستی وشــارەوانی وگەشــتووگوزار تــەرخان دەکرێــت بــۆ جێبــەجێ کردنــی پــڕۆژەی خزمــەتگوزاریی و پاڵپشتکردنی وەرزش بەگوێرەی پســپۆڕیی هــەر یــەکێکیان و دەبــێ ڕەچــاوی ڕێــژەی دانیشــتووانی پارێزگاکان بکرێت.

**سێیەم:** کەمکردنەوەی ڕێژەی (١٥٪) لە بودجەی بەکاربردنی ئەنجومــەنی وەزیــران، جگــە لــە قــەرەبووی فەرمانبەران و کۆمەك و سوودەکۆمەلایەتییەکان، دوای ئەوەی کە ئەو بڕەی لێ جیادەکرێتەوە کە بۆ سندووقی پڕۆژەی پەرەپێدان و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان و شارەوانی عەینکاوە تەرخان کراوە.

**چوارەم:** کەمکردنەوەی ڕێــژەی (١٥٪) لــە بودجــەی بــەکاربردنی وەزارەتــەکان و ئــەو فەرمانگانــەی بــە وەزارەتێکەوە نەبستراونەتەوە، جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران و کۆمەك و سوودە کۆمەلایەتییەکان.

**ماددەی چوارەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەو گوژمەی کە بــڕی (١٢٠) سەدوبیســت ملیــار دینــارە بــۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان.

**ماددەی پێنجەم:**

گوژمەیــەك کــە بڕەکــەی (١٠٠) ســەد ملیــار دینــارە تــەرخان دەکرێــت بــۆ پاڵپشــتیکردنی پڕۆژەکــانی خزمــەتگوزاریی لــە قــەزاو ناحییــە و گونــدە زیــان بەرکــەوتووەکانی ســەر ســنوورەکان ئەوانــەی پێشــتر ڕاگوێزرابوونەوە، بەو مەرجەی ئەو گوژمەیە بخرێتە ســەر بودجــەی پەرەپێــدانی پارێزگاکــان بــەپێی ڕێــژەی دانیشتووان و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** فەرمانبەرانی پلە (نۆ و دە) ئەوانەی تــەنیا مووچــەی ئیســمی و دەرماڵــەی هاوســەریی و شــەهادەی خوێندن وەردەگرن بەخشینێکیان پێ دەدرێت بە بڕی (٤٨٠,٠٠٠) چوارسەد و هەشتا هەزار دینــار و بە دووجار پێیان دەدرێت لەماوەی ساڵی دارایی ٢٠١٢ دا.

**دووەم:** خانەنشینکراوەکان ئەوانەی کە مووچەی مانگانەی خانەنیشینیان بـڕی (٤٠٠,٠٠٠) چـوار سـەد هەزار دینارو کەمتر بەخشینێکیان پێ دەدرێت بەبڕی (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار و بەدوو جار پێیان دەدرێت لە ماوەی ساڵی دارایی ٢٠١٢ دا.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** مینحەی هاوسەری و منداڵ بۆ وەرەسەی شەهیدان سەرف دەکرێ.

**دووەم:** زیادکردنی مووچەی خانەنشینی وەرەسەی شـەهیدی هـاووڵاتی لـە (١٨٠,٠٠٠) سـەد و هەشـتا هەزار دینارەوە بۆ (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار.

**ماددەی هەشتەم:**

بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسـای ژمـارە (٤) سـاڵی ٢٠١١ یاسـای ئەنجومـەنی ئاسایشـی هـەرێمی کوردستان ـ عێراق گوژمەیەك بەبڕی (٣١٨,١٥٠) سێ سەد و هەژدە ملیار و سەدو پـەنجا ملیـۆن دینـار دیاری دەکرێ بۆ بودجەی ئەنجومەنەکە بەمەرجێك ئەو تەرخانکردنە دیاریکراوە نەبێتە مایەی کەمکردنەوەی قەرەبووی فەرمانبەران و کۆمەك و سوودە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆژەکـانی بـاقی پێکهاتـەو دامودەزگاکـانی حکومەتی هەرێم.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردسـتان ـ عێـراق تـەمویلی حسـاباتی وەزارەتـەکان و ئیـدارەکان دەکات بەپێی سەرچاوە داراییە بەدەست هاتووەکان.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** هەموو داهاتی فەرمانگەکان ئەوانەی کە تەمویلی مەرکەزی گشتی تۆمار دەکرێ و لەناو بودجەکانی پێداچوونەوەدا دیاری دەکرێن.

**دووەم:** بەدەر لە حوکمی برگەی (یەکەم)ی سەرەوە لەسەر وەزیری دارایی و ئابوورییە کە:

١ـ بڕی داهاتەکانی مانگانە کە وەزارەتی تەندروستی بە دەستیان دەهێنێ لە سەرجەم فەرمانگەکانیدا، بیخاتە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە بە مەبەستی کڕینی داوو دەرمان و فریاکەوتنی خەرجییەکانی چـاککردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە و بە پێی داواکاری وەزارەت خۆی کە دەبێ خشتەی داهاتە بەدەست هاتووە فیعلیەکان بە داواکەوە پێوە گرێدرابێت.

٢ـ بڕی داهاتەکانی مانگانە کە وەزارەتی کارەبا بە دەستیان دەهێنێ بـە هـەموو فەرمانگەکانیـەوە ، بیخاتـە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە بە مەبەستی پاراستن و چاککردنەوەی تۆڕەکانی کارەبـــا و ، بـەگوێرەی داواکاری وەزارەت کە دەبێ خشتەی داهاتە بەدەست هاتووەکانی پێوە گرێدرابێت.

**ماددەی یازدەم:**

بڕی ئەو بەخشینانەی کە دەدرێن بە وەزارەتەکان و بەو فەرمانگانەی کە بە وەزارەتەوە گرێنەدراون لەدوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە وەکو داهاتی کۆتایی گەنجینە تۆمار دەکرێن ، بەو مەرجەی کە وەزیر تەرخانی بکات لەناو متمانەکانی (اعتمادات)ی وزارەتەکەدا یان ئەو لایەنەی کە بە وەزارەتەوە گرێنەدراوە ، تا بۆ ئەو مەبەستە سەرف بکرێ کە بۆی بەخشراوە.

**ماددەی دوازدەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەو تەرخانکردنەی بەبڕی (١٢٠) سەد و بیست ملیار دینار کراوە بۆ درێژەدان بە جێبەجێ کردنی پڕۆژەی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان بە مەبەستی ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا کە هەرێم پێویستی پێیان هەیە، ئەویش لەرێی زەماڵە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشقکردن لە ژێر سەرپەرشتی دەستەیەکی باڵا کە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و هەریەك لە وەزیرانی (پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پلاندانان) پێك دەهێنرێت و بەگوێرەی ئەو پەیڕەوەی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە.

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** گوژمەیەك بەبڕی (١٨٥) سەد و هەشتا و پێنج ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ پشتگیری حیزبەکان، و سەرفکردن لەم تەرخانکراوە بەرێکاریی کاتی دەبێ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی پێوەرێکی دادگەریانە، کە دەبێ ئەو بڕە سولفانەی کە لەلایەن حیزبەکانەوە وەرگیراون لەساڵی ٢٠١١ دا تەسویەبکرێن لەوانەی کە لەساڵی ٢٠١٢دا وەریان دەگرن تا ئەو کاتەی یاسای پشتگیریی دارایی حیزبەکان دەردەچێت، کە لە خولی دانیشتنەکانی داهاتوودا دەبێ بێتە دەرچوون.

**دووەم:** گوژمەیەك بەبڕی (١٥) پانزە هەزار ملیار دینار تەرخان بکرێ بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان بەگوێرەی یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی چواردەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووریی پابەند دەبێت بە بەردەوامبوون لەدابینکردنی قەرزی عەقار بۆ هاووڵاتیان بەگوێرەی ئەو پرنسیپ و رێنماییانەی کە رەچاودەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** بڕی (٢٠) بیست ملیۆن دینار بۆ سەنتەری شارەکان و قەزا و ناحییەکان.

**دووەم:** بڕی (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ لادێ نشینەکان.

**ماددەی پانزدەم:**

**یەکەم:** دابینکردنی سلفەی هاوسەرگیری بۆ هاووڵاتیان بەبڕی (٥) پێنج ملیۆن دینار.

**دووەم:** بڕی ئەو سلفەیەی هاوسەرگیریی کە دەدرێ بە منداڵی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەبێتە بەخشین و ناگەڕێندرێتەوە.

## بەشی سێیەم

## (دەسەڵات پێدانەکان- الصلاحيات)

**ماددەی شازدەم:**

**یەکــەم:** ســەرفکردن لــە متمانــەکانی (اعتمــادات) حســاباتی ســەرەکی (بەخشــینەکان ، کۆمەکــەکان، خەرجییەکانی سەرمایەداری) لەناو بودجەی هەرێمی کوردستان-عێراق لەلایەن وەزارەتی دارایـی و ئابووریەوە دەبێت.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ دەسەڵاتی ســەرفکردنی راســتەوخۆ بــدات بــە وەزیرەکــان و ســەرۆکی لایەنەکانی گرێنەدراو بە وەزارەتەوە و، وەکیلی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ســەرۆکی یەکە ئیدارییەکان لەبەر رۆشنایی تەرخانە متمانە پێکراوەکان (التخصيصات المعتمده) لەناو بودجــەی ساڵانەیاندا، و ئەمەش بە بڕیارێکی ئەنجوومەن دەبێ کە بۆ ئــەم مەبەســتە دەرچــووبێ و ئەنجوومــەنیش دەتوانێ چاو بەو دەسەڵات بەخشینەدا بخشێنێتەوە بەپێی بەرژەوەندی گشتی و پرەنسیپی لامەرکەزی پیادە بکا.

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی پەرلـەمانی کوردستان بۆی هەیە کە موناقەلـە لەناو متمانەکانی تایبەت بە پەرلـەماندا بکات.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی لە هەرێمدا بۆی هەیە کــە موناقەلــە لــەناو متمانــەکانی تایبــەت بــە ئەنجوومەنی دادوەریدا بکات.

**سێیەم:** وەزیری پلاندانان بۆی هەیە بە پشت بەستن بە داوای وەزارەتێکی دیاریکراو کە موناقەلـەی پێویست لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا بکات لەناو بودجەی وەبەرهێنانی هەمان وەزارەتدا و ، لە سنووری یــەك پارێزگا یان قەزادا و لـەناو بودجەی پەسەندکراو دا.

**چوارەم:** وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە و بــە هەماهــەنگی لەگــەڵ وەزارەتــی پلانــدانان و وەزارەتــی مــەعنی ، موناقەلــەی پێویســت بــۆ پرۆژەکــانی وەبــەرهێنان بکــات لــەنێوان وەزارەتەکانــدا و لــە چوارچێوەی یەك پارێزگا یان قەزادا و لـەناو بودجەی پەسەندکراودا.

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکەم:** وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی هەیە موناقەلـە لە نێوان متمانەکانی (اعتمــادات)ی یــەك دەروو (باب)دا بکــات جگــە لــە بەشــی مووچــە نــەبێ کــە دەکــرێ بــۆی بگوازرێتــەوە بــەڵام نابــێ لێــی بگوازرێتەوە.

**دووەم:** وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە موناقەلـە لەنێوان متمانەکانی (اعتمادات) دەرووەکانی بودجــە (أبواب الميزانيه)دا بکات بەمەبەستی دابینکردنی تواناکانی سەرفکردن بۆ ئەو ئیدارانــەی کــە بڕیــاری جیاکردنەوەیان دەدرێ لە وەزارەتێك و دەبەسترێنەوە بە وەزارەتێکی ترەوە ، و وەزیری پەیوەندیــدار بۆی هەیە موناقەلـە لەناو یەك بەش و یەکەیەکی سەرفکردندا بکات.

**سێیەم**: نابێ هیچ جۆرە موناقەلەیەك ئەنجام بدرێ لە بوارەكانی (ئاوەدانكردنەوە و پەرەپێدانی پرۆژەكانی هەرێم و پارێزگاكان) لەنێوان پارێزگاكاندا.

**چوارەم**: نابێ موناقەلە ئەنجام بدرێ لە خەرجی پرۆژە سەرمایەدارییەكان (بودجەی وەبەرهێنان)ەوە بۆ خەرجییەكانی بەكاربردن (بودجەی جاری).

**پێنجەم**: ئەو متمانانەی پەسەند دەكرێن لەم یاسایەدا بەكار دەهێنرێن تا ٣١/كانوونی یەكەمی ساڵی دارایی ٢٠١٢ و ئەو داهاتانەی بەدەست دەهێنرێن تا ٢٠١١/١٢/٣١ تۆمار دەكرێن ، بەڵام داهاتە وەرگیراوەكان دوای كۆتایی ساڵی دارایی ٢٠١٢ وەكو داهات بۆ بودجەی گشتی ساڵی دارایی ٢٠١٣ تۆمار دەكرێن.

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەكەم**: وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی سەرفكردنی بڕێكی هەیە كە لە (٣٥٠) سێسەد و پەنجا ملیۆن دینار تێپەڕ نەكات بۆ هەر بارێك ، و بۆی هەیە دەسەڵات بدات بە سەرۆكی فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەتەكەی بە سەرفكردنی بڕێك كە لە (٢٥٠) دووسەد و پەنجا ملیۆن دینا تێپەڕ نەكات.

**دووەم**: سەرۆكی دەستەكانی كە گرێنەدراون بە وەزارەتێكەوە دەسەڵاتی سەرفكردنی بڕێكی هەیە كە لە (٣٠٠) سێسەد ملیۆن دینار تێپەڕ نەكات بۆ هەر بارێك.

**سێیەم**: لە (یەكەم) و (دووەم) دا دەبێ رەچاوی ئەمەی خوارەوە بكرێ:

دەبێ سەرفكردن بە گوێرەی ئەو متمانە بێت كە پەسەند كراوە لە بودجەی گشتی ساڵانە و بۆئەو مەبەستەش بێ كە دیاریكراوە بۆی.

خۆبەستنەوە بەو متمانانەی دیاریكراون لە بودجەی گشتی دا ، و رێگە نادرێ بە چوونە ناو ئیلتیزامێكەوە بۆ سەرفكردنی زیاتر لەوەی كە لە بودجەدا دیاریكراوە.

**چوارەم**: وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو دەسەڵاتی پێدراوە بە سەرفكردنی ئەو بڕانەی تەرخانكراون بۆ كۆمەكی كشتوكاڵی بەمەبەستی فریاكەوتنی پێداویستییەكان لەكاتی گونجاوی خۆیدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووریدا.

**ماددەی بیست:**

پاداشتی فەرمانبەران نابێت لە دوو ملیۆن دینار زیاتر بێت ساڵانە بۆ یەك كەس و لەناو تەرخانكراوە بڕیار لێدراوەكان دا بێت لە بودجەی تایبەتمەندیدا ، جگە لەو پاداشتانەی دەدرێت بەوانەی كە لە پرۆژەكانی وەبەرهێناندا كاردەكەن ، لەو رێژەیەی كە بۆ بەدواداچوون و سەرپەرشتی دانراوە بە گوێرەی رێنماییەكانی كە لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەردەچێت.

## بەشی چوارەم

## ( میلاكـــــات )

**ماددەی بیست و یەك:**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا ئەرکی ئامادەکردنی وردەکاری میلاکاتی دامودەزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٢و پەسەند کردنیشی لە ئەستۆ دایە لەبەر رۆشنایی تێچووی مووچە پەسەندکراوەکانی هەرێم کە (١٧,٠٠٠) حەڤدە هەزار پلەی وەزیفی نوێ باوە لە ساڵی ٢٠١٢ دا.

**دووەم:** دامودەزگاکان و وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێنەدراون بە وەزارەتێکەوە ، ئەرکی دابەشکردنی ژمارەی ئەو پلە وەزیفییە نوێباوانە لەناو میلاکاتی ساڵی ٢٠١٢دا بەسەر میلاکاتی دامودەزگاکانی هەرێم و پارێزگاکان دەگرنە ئەستۆ بە گوێرەی رێنماییەکانی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت و دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**سێیەم:** وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێنەدراون بە وەزارەتێکەوە ئەرکی جاڕدانیان لە ئەستۆدایە بۆ پلەکانی وەزیفەی نوێباو لەمیلاکاتی ٢٠١٢دا لە ڕێی بلاوکردنەوەیان لە رۆژنامەکانی ناوخۆ و ناردنی خشتەی وەزیفە جاڕدراوەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەر لە جێبەجێ کردنی دامەزراندن.

**چوارەم:** وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە ئیلتیزام بەو خشتانەوە دەکەن کە ژمارەی فەرمانبەران و ناوو ناونیشان و پلەکانی وەزیفەی ئەوانەی تێدا تۆمارکراوە کە تازە دامەزراون بە گوێرەی ئەو رێژەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لەگەڵ بریارەکانی تایبەت بە دامەزراندنیان. ئەگەر وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرپێچی تێیاندا دۆزییەوە لە ئاست ئەو رێژەیەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەوا بڕیارەکانی دەرچوو بە پێچەوانەی ئەمە بۆ دامەزراندنەکان رەت دەکرێنەوەو ئەنجوومەنی وەزیرانیشی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و ئیجرائاتی یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکاران دەکرێت.

**پێنجەم:** ئەولەویەت دەدرێ بە چەسپاندنی ئەو گرێبەستانەی کە کاریان پێدەکرێ ، نابێ بە گرێبەست کەس دابمەزرێ ئەگەر رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەرنەگیرێ ، جگە لە گرێبەستی پرۆژەکانی وەبەرهێنان نەبێ.

**شەشەم:** هیچ جۆرە دامەزراندنێك ئەنجام نادرێ بۆ وەزیفە قیادیەکان لە (بەرێوەبەری گشتیەوە بەرەو ژوور) ئەگەر هات و دەرەجەی وەزیفیەکەی نەبوو لە یاسای وەزارەتەکە یان ئەو لایەنەی گرێدراوە بە وەزارەتەوە لە پەیکەری رێکخستنی دا.

**ماددەی بیست و دوو:**

ئەوکاتەی کە رەزامەندی درا بۆ گواستنەوەی خزمەتەکانی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکی فەرمانگەکانی هەرێمەوە بۆ کەرتی تایبەت:

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری نیوەی ئەو مووچەیە دەگرێتە ئەستۆ کە وەریدەگرت لەو فەرمانگەیەی کە گواستراوەتەوە تێیدا و بۆ ماوەی (٥) سێ ساڵ لە رۆژی گواستنەوەیەوە ، بەمەرجێك بە یەکجاری پەیوەندی لەگەڵ فەرمانگەکەی دا بپچڕێنێ.

**دووەم:** ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی لێ گواستراوەتەوە مووچەی ئاماژە بۆکراو لە برگەی (یەکەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیە ، بۆ ئەو لایەنەی کەرتی تایبەت سەرف دەکات کە فەرمانبەرەکەی بۆ گواستراوەتەوە.

**سێیەم:** لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابوورییە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم برگەیە دەربکات و سەروکار و مەرجەکانی دیاری بکات.

**ماددەی بیست و سێ:**

وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی ئەو لایەنەی کە گرێ نەدراوە بە وەزارەتێکەوە بۆی هەیە ئەو فەرمانبەرانە ئیحالەی خانەنشینی بکات کە زێدەن لە پێویستی ، ئەوانەی کە خزمەتی خانەنشینیان کەمتر نییە لە (١٥) ساڵ لەسەر داوای خۆی.

## بەشی پێنجەم
## (حوکمەکانی ئەنجامگیریی-ختامی)

**ماددەی بیست و چوار:**

ئەو داهاتانەی نەوت کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کیلگەکانی نەوتەوە بەدەست دێن لە حیسابێکی بانکی تایبەت دادەنرێت بەگوێرەی حوکمەکانی دەستووری عیراق و یاسای نەوت و گازی هەرێم تا ئەو کاتەی یاسای سندووقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت تەشریع دەکرێت کە لە ماددەی پازدەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە.

**ماددەی بیست و پێنج:**

دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە هەر گۆڕانێك ئاگادار بکاتەوە کە لە بەشی بودجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٢ دا ڕوودەدا بەمەبەستی پەسەندکردنی.

**ماددەی بیست و شەش:**

دوای تەشریعی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان نابێ بەهیچ جۆرێك داوایەك رووبەڕووی وەزارەتی دارایی بکرێتەوە بۆ هەر تەرخانکراوێکی زیادە.

**ماددەی بیست و حەوت:**

وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم هەموو حیساباتی مانگانە (بودجەی پێداچوونەوە) لەکاتی خۆیدا و لەماوەیەکدا کە لە (١٠) رۆژ تێپەڕ نەکات لە کۆتایی هەر مانگێکدا پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووریی/بەڕێوەبەرایەتی موحاسەبە دەکەن.

**ماددەی بیست و هەشت:**

سەرۆكی فەرمانگەی یەكەی خەرجییەكان ئیحالەی لێكۆڵینەوە دەكرێ بەگوێرەی ڕێساكانی یاسایی و ڕێنماییە كارپێكراوەكان ، ئەوەی دوادەكەوێ لە پێشكەشكردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی ٢٠١١ بۆ فەرمانگەكەی لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا بەگوێرەی ڕێنماییەكان.

**ماددەی بیست و نۆ:**

١ـ هەموو وەزارەتەكان و ئەو فەرمانگانەی سەر بە وەزارەت نین ئەركی دابەشكردنی نەفەقاتی بەكاربردن و وەبەرهێنانیان دەكەوێتە ئەستۆ بۆ سەر پارێزگاكانی هەرێم بە ڕەچاوكردنی چڕی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانەی كە زیانی زیاتریان بەركەوتووە پاش جیاكردنەوەی خەرجییەكانی مەركەزی وەزارەت.

٢ـ پارێزگاكان گشتیان دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكان و ئەو لایەنانە بكەن كە گرێدراون بە وەزارەتێكەوە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێكردنی بڕگەی سەرەوە لە بڕیاری بودجەی گشتی و پەسەندكردنی و لەكاتێكدا كە بودجە دەكەوێتە بواری جێبەجێكردنی فیعلییەوە.

**ماددەی سییەم:**

دەبێ حكومەتی كوردستان كار بكات بۆ بە دەست هێنانی بەشی خۆی لە پترۆدۆلار بۆ ساڵەكانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ لەلای حكومەتی ئیتحادی، (١) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو لە پارێزگادا یان (١) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی خاوی تەكریر كراو لە پاڵاوگەكانی پارێزگاداو جا (١) دۆلار بۆ هەر (١٥٠) مەتر سێجا لە گازی سروشتی بەرهەمێنراو لە پارێزگادا، و ئەو بڕانەی كە بە دەست دەهێنرێن لە داهاتوودا بۆ ئەو ناوچانە سەرف دەكرێن كە لێیانەوە بەرهەم هاتوون.

**ماددەی سی و یەكەم:**

یەكەم: پارێزگا بۆی هەیە هەر وەزارەتێك ڕابسپێرێ یان بەگوێرەی پسپۆڕی رایان بسپێرێ بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكان لە هەر پارێزگایەكدا لەسەر حیسابی تەرخانكراوەكانی (ئاوەدانكردنەوەو پەرەپێدانی هەرێم و پارێزگاكان) كە دیاریكراوە بۆیان.

دووەم: لە ڕەسمی گومرگی دەبەخشرێ هەموو جۆرە كەلوپەلێك و سلعەیەكی هاوردە لەلایەن فەرمانگەكانی هەرێم و لەلایەن كەرتی گشتی كە بەناوی خۆیەوەبێ و بۆ بەكارهێنان بێ هەتا كارەكەی كۆتایی پێدێ.

سێیەم: ئەو بەخشینەی سەرەوە ئەو كەلوپەل و هاوردانە دەگرێتەوە كە دەبەخشرێن بۆ فەرمانگەكانی هەرێم و كەرتی گشتییەوە لەلایەن حكومەتەكان و دەزگاكانی بەخشندەوە.

**ماددەی سی و دووەم:**

بەردەوامبوون لە بڕینی(١٠٪)ی مووچەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی وەزیر و وەکیلی وەزارەت وەردەگرن و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوەی مووچەی وەکیلی وەزارەت وەردەگرن و ڕاوێژکاران و خاوەن پلە تایبەتەکان و دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی، بۆ سوودی دابینکردنی داودەرمان و وەسیلەکانی چارەسەر بۆ تووشبوان بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ٢٠١٢/٧/١ەوە.

**ماددەی سی و سێیەم:**

وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە ئەوانەی کە نێردراو زەمالە و ئیجازەی خوێندنیان لا هەیە لە دەرەوەی عیراقدا ئیلتیزام بکەن بەو بەشەی کە بۆیان دانراوە لەو کورسیانە بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتووان و پسپۆڕیی دابەشی بکەن بۆ هەر پارێزگایەك.

**ماددەی سی و چوارەم:**

حکومەتی هەرێم پابەند دەبێ بە:

**یەکەم:** جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بە گوێرەی ئەو پلانەی کە لە بودجەی وەبەرهێناندا هاتووە لەلایەن وەزارەتەکانەوە و هەریەکەیان بە پێی پسپۆڕی خۆیان، و نابێ هیچ وەزارەتێك پڕۆژەیەك جێبەجێ بکات لە دەرەوەی پسپۆڕی ئەودا بێت.

**دووەم:** ڕاپۆرتی بەدواداچوونی وەرزیی یان هەر چوار مانگ جارێك بدرێتە پەرلەمان لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

دامەزراندنی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بە گوێرەی ئەو میکانیزمەی کە لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨دا هاتووە، لە ماوەیەکدا کە لە (٣) سێ مانگ تێپەڕنەکات لە ڕۆژی پەسەند کردنی ئەم یاسایەوە.

**ماددەی سی و شەشەم:**

پێکهێنانی دەستەی (دەستپاکی ـ نەزاهەت) لە هەرێمدا بە گوێرەی یاسای دەستەی (دەستپاکی ـ نەزاهەت) ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، لە ماوەیەکدا کە لە (٣) سێ مانگ تێپەڕنەکات لە ڕۆژی پەسەند کردنی ئەم یاسایەوە.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

دەبێ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ڕێوشوێنە دەستووریی و یاساییەکان بگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی هەموو موستەحەقاتی حکومەتی هەرێم لەلای حکومەتی ئیتیحادیدا.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ پڕۆژەی بودجەی ساڵی دارایی ٢٠١٣ لە ماوەیەکدا بنێرێتە پەرلەمان کە زیاتر نەبێت لە دوو هەفتە لەو کاتەی کە یاسای بودجەی حکومەتی ئیتیحادی دێتە پەسەند کردن.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری بەردەوام دەبێت لە سەرەفکردنی سلفەکانی (سلفە و بەخشینی هاوسەرگیری، قەرزەکانی بانکی عەقار و کشتوکاڵ و پیشەسازی و پڕۆژە بچووکەکان) تا ئەو کاتەی بودجەی ساڵی دارایی داهاتوو بڕیاری لێ دەدرێ.

**ماددەی چلەمین:**

حکومەت دەبێ :ـ

**یەکەم:** ئامادەکردن و دەرکردنی پەیڕەوێکی یەکگرتوو بۆ دەرماڵەی فەرمانبەرانی ئەوانی لە فەرمانگەکانی هەرێمدا کار دەکەن بە ئامانجی بەدیهێنانی مەوزوعییەت و عەدالەت و یەکسانی.

**دووەم:** بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان دەرماڵەی فەرمانبەرانی ئەوانەی لە هەرێمدا کار دەکەن لەگەڵ هاوشێوەکانیان لەوانەی لە حکومەتی ئیتیحادیدا کار دەکەن بە مەرجێك ئەمە نەبێتە مایەی کەمبوونەوەی دەرماڵەکانیان.

**ماددەی چل و یەکەم:**

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ پەیڕە و ڕێنماییەکان دەربکات بۆ ئاسانبوونی کارکردن بە مەبدەئی لامەرکەزی لە کاتی تەمویل کردنی وەزارەتەکان و بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی بە پێی ئەم یاسایەدا دراون.

**ماددەی چل و دووەم:**

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ئەو پێشنیاز و ڕاسپاردانەی هاوپێچن لەگەڵ ئەم یاسایەدا لێیان بکۆڵێتەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکات و چی دەکرێ بۆ جێبەجێ کردنیان ئەنجام بدات و سوودیان لێ ببینێ بە گوێرەی یاساکان و توانا هونەریی و دارییە ڕێگەپێدراوەکان.

**ماددەی چل و سێیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری پلاندانان ڕێنماییەکانی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و دیاریکردنی دەسەڵات پێدانی سەرف کردن بۆ ئیدارەکانی حکومەت لەماوەیەکدا کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

**ماددەی چل و چوارەم:**

کار به هیچ بڕیارێك ناكرێت كه پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت و ، گەنجینە هیچ بارگرانییەكی دارایی ئەم بڕیارە ناگرێتە ئەستۆ تاكو شەرعییەتی یاسایی وەرنەگرێ و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەكرێت.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی چل و شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە و لە (٢٠١٢/١/١)ەوە جێبەجێ دەكرێ.

**ئەرسەلان بایز اسماعیل**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

## هۆیەكان دەرچوونی

بۆ بڕیاردان لە بودجەی هەرێمی كوردستان ـ عیراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٢ ئەم یاسایە تەشریع كرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەرچوێنرا.